


# هاوڕێی خراپ لە ڕێ دەرم دەکات و بەرەو هەڵدێرم دەبات

شەهلا

بەشی یەکەم



ئەو رۆژەی پەروینم ناسی، رۆژێکی ساردی زستان بوو، من بەتەنیا لەسەر کورسییێک دانیشتبووم، ئەو لەبەرانبەر منەوە دانیشتبوو، لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، هاوسەرەکەم بوو، بە پەرۆشەوە هەواڵی پرسیم، پێیگوتم:" هەر کاتێ تەواو بوویت، تەلەفۆنێکم بۆ بکە، من ئێستا دەستم بەتاڵە، داستانیشم لە باخچەی ساوایان هێناوەتەوە، لەبازاڕین"

هێشتا بە تەواوی تەلەفۆنەکەم دانەخستبۆوە کە پەروین لێم نزیک بۆوەو خۆی پێناسانم، بە نەرمە خەندەیەکەوە گوتی:" چما تۆ کوردیت؟ چەند رۆژێکە هاتوومەتە ئێرە، خەریک بوو دڵم بتەقێ، ئاخر ئەم فێرگەیە هیچ کوردی تێدانیە"

بەوهۆیەوە یەکتریمان ناسی، ئەو خۆی بۆ پۆلەکەی ئێمە گواستەوە. ئیدی بەیەکەوە دادەنیشتین، هات و چۆی یەکتریمان دەکرد. راستیەکەی ژنێکی قسە خۆش و دەم بەپێکەنین بوو. بە قسە خۆشەکانی خەمی غەریبی دەڕەواندمەوە. زۆر جاران دەیگوت:" ئێستا تۆ لە دایک و خوشکەکانم بۆ من باشتریت، ئەوان لە کوردستانن، ئەگەر گرفتێکم هەبێ، ئەوان پێم ناگەن، بەڵام تۆ دەتوانیت بە فریامەوە بێی، باوەڕ بکە تۆم لە دایک و خوشکەکانم خۆشتر دەوێت"

رۆژ دوای رۆژ پێوەندی نێوان من و پەروین بەهێزتر دەبوو. وام لێهاتبوو لەبەر پەروین ئاگام لە شووەکەم نەمابوو. زۆر جاران بە گاڵتەوە بە پەروینی دەگوت:" خوشکی بەڕێز رۆژانە لە فێرگە لەلای تۆیە و هی تۆیە، بەڵام با شەوانە بۆ من بێت!!"

شووەکەم تاقەت پڕوکێنانە کاری دەکرد، نەیدەهێشت کەموموورێمان هەبێ، زۆریش من و داستانی خۆش دەویست. منیش وەکو هاوسەرێکی خۆشەویست، رێزم لێدەگرت، دڵنەوایم دەکرد و خەمەکانیم لێ دوور دەکردەوە. ئەو لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا زۆری ئازارو دەردەسەری چەشتبوو. گیران و زیندانی رژێمی دیتبوو. بنەماڵەکەیان لەسەر ئەو بەرگەی ئەو ناخۆشیەکیان گرتبوو. بەوهۆیەوە دەمزانی پێویستی بە خۆشگوزەرانی هەیە، من دەمویست هاوسەرو هاورێ و هاودەمێکی راستینی بم، رابردووی بۆ قەرەبوو بکەمەوە، لە جێگەی ئازار و خەمەکانیدا خۆشی و بەختەوەری بۆ دەستەبەر بکەم. ئێمە ژن و مێردێکی نموونەیی بووین. رێزی یەکترمان دەگرت، لەرادە بەدەر یەکرتمان خۆشدەویست. خێزانێکی ئاسوودەو بەختەوەرمان پێکهێنابوو. داستان لەباوەشی ئەو خێزانەدا گەورەدەبوو، پەروەردە دەکرا.

پەروین هاورێی فێرگەو رۆژانەی من بوو. ئەو زووتر لەمن بە ئەوروپا ئاشنابوو، بەوهۆیەوە وەکو مامۆستایێک ئامۆژگاری و رێنوێنی دەکردم، وانەکانی ژیانی فێر دەکردم، ئەو فێری سیگارکێشانی کردم. هاوسەرەکەم زۆر رقی لە سیگار دەبۆوە، ئەو شوێنەی سیگاریشی تێدابووایە رووی تێنەدەکرد، بۆیە سەرەتا بە دزییەوە دەمکێشا. شەوانە بۆنی تایبەتم بەکاردەهێنا تا ئەو هەست بە بۆنی سیگار نەکات. سەرەنجام بۆم نەشاردرایەوە. بەهۆی سیگارکێشانەوە هەندێ دمکە دمک لەنێوانمان دروست بوو. دواتر دڵی نەشکادنم و بێدەنگی لێکرد، بەڵام پەروین دەیویست کتومت وەکو ئەو بم. ئەوجارەیان بەرەو خواردنەوەش پەلکێشی کردم. یەکەمین جار لە ئاهەنگی لەدایکبوونی کچەکەیدا بەزۆر بیرەی دەرخوارد دام. لەسەر داواو پێداگرتنی ئەو دوو بیرەم خواردەوە، ئیدی ئاگام لەخۆم نەما، سەرم وەکو فرفرۆک دەسوڕایەوە. پەروین حەزی دەکرد مەستیم بەتاڵ بێتەوە ئەوسا هاوسەرەکەم بێتە دوام و بمباتەوە. سەرەنجام باوکی داستان هات، ئەو لەیەکەم نیگادا هەستی بە سەرخۆشیم کردبوو. نازانم چۆن سواری ماشێن بووم و چۆن گەیشتینەوە ماڵ. بەیانی کە وەئاگا هاتم ئەو بۆ سەر کار رۆیشتبوو.

لەسەر مەسەلەی بیرە خواردنەوە جارێکی دیکەش دمکە دمک لەنێوانمان دروست بوو. من بەڵێنم پێدا دووبارە نابێتەوە، بەڵام بەڵێنەکەم نەبردەسەر، پەروین جارێکی دیکەش بیرەی دەرخوارد دام، ئیدی منیش ئولفەتم پێوە گرت، حەزی خواردنەوە لەلام باڵای کردبوو، ئەو دەیگوت بیرە خواردنەوە بۆ گورچیلەو پاککردنەوەی گەدە زۆر پێویستە. قسەکانی ئەو لە مێشک ودەروونی مندا جێگەیان گرتبوو. هاوسەرەکەم کاتێک زانی کە من واز لە بیرە خواردنەوە ناهێنم، داوای لێکردم کە تەنیا لە ماڵەوە بیخۆمەوە. ئەو دەیگوت:" ژنان زوو مەست دەبن، کە مەستیش بوون ئاگایان لە خۆیان نامێنێ و بەدەر لە ویستی خۆیان کاری نابەجێ ئەنجام دەدەن. من لەسەر سیگارو بیرە خواردنەوە راهاتبووم، بەڵام لەسەر پێداگری هاوسەرەکەم تەنیا لە ماڵەوە بیرەم دەخواردەوە.

ساڵ بەدوای ساڵ تەواو دەبوون، پێوەندی نێوان من و پەروین بەهێزتر دەبوو. بەیەکەوە دەچووینە ئاهەنگەکان، جلی وەکو یەکمان دەکڕی. وەکو یەک ئارایشمان دەکرد. ئەوەی ئێمەی بدیبایە وای دەزانی خوشکین. راستیەکەی زۆرمان یەکتر خۆشدەویست. هاوخەم و هاورێی راستینی یەکتربووین. لەسەر رێنوێنیەکانی پەروین جیابوونەوەی سەر کاغەزم کرد. باوکی داستان حەزی بەو کارە نەدەکرد، بەڵام دڵی نەشکاندم، واتە لەلای دەوڵەت من و باوکی داستان جیاببوینەوە، من خۆم لەسەر ئەدرێسی پەروین ناونووس کردبوو، بەڵام راستیەکەی وا نەبوو، ئێمە هەر ژن و مێرد بووین، بەیەکەوە لەیەک ماڵدا دەژیاین.

ئەو ماوەیەی لە ئەوڕوپا بووم، زۆر جاران پارەم بۆ ماڵی باوکم رەوانە کردبۆوە. هەرچیم بگوتبایە باوکی داستان جێبەجێی دەکرد، بەڵام کاتێک باسی راکێشانی براکەم کرا، موچڕک بەلەشم داهات. دەمزانی ئەو پارەیەمان نیە. یەک دوو جار ئەو مەسەلەیەم لای باوکی داستان کردەوە، ئەو هەوڵی خۆی دا، بەڵام نەیتوانی ١٠٠ گەڵا بە قەرزیش پەیدا بکات. لەو بەستێنەشدا پەروین رێنوێنی کردم، پێیگوتم:" دەتوانی براکەت بەناوی هاوسەر رابکێشیت، ئەگەرنا یەکێک دەدۆزینەوەو تۆ بە پارە رایبکێشە، ئەو پارەیەی لەو کەسە وەری دەگریت بۆ براکەم رەوانەی بکەوە، بەوهۆیەوە براکەت بە ئاسانی دەگاتە لات!!"

من دەمزانی راکێشانی براکەم بەناوی هاوسەر باش نیە، چونکە هەردووکمان زۆر لە یەکتر دەچووین.هەروەها کاتێک مەسەلەی راکێشانی یەکێکم بەناوی هاوسەر لەلای باوکی داستان باس کرد، زۆر نیگەران بوو، راشکاوانە پێیگوتم:" ئەمەیان هەرگیز، چونکە تۆ ئاکامەکەی نازانیت چی دەبێ؟! ئاخر هەم ئاوڕووچوونی بەدواوەیە، هەمیش ئەگەر ئاشکرابێ، سزا و دادگەی بەدواوە دەبێ، ئەگەر پێداگریشی لەسەر بکەیت، دەبێ بە راستی لەیەکتر جیاببینەوە"

من دەمزانی هەندێک لە ژنانی پەنابەر بەر لەمن ئەو کارەیان کردووە، بۆیە بە رێنوێنی پەروین بڕیارمدا بە دزییەوە ئەو کارە بکەم. سەرەنجام پەروینی هاوڕێم کەسێکی دۆزیەوە کە چەند ساڵێک لە ئەوڕوپا ژیابوو، مافی مانەوەی پێنەدرابوو، ئامادەبوو ١٢٠ گەڵا بە مەرجی وەرگرتنی مافی مانەوەی بدات. من دوو دڵیم لێ نەکرد، بەدزییەوە فۆڕمم بۆ پڕکردەوە، بە جووتە چووینە بەڕێوەبەریتی پەنابەران.

# پیاوانی فەرمانڕەوا بازرگانی بە کێشەی ژنانەوە دەکەن

نەشمیل کەریم

کاتێک باس لە ئازادی و یەکسانی مرۆڤ، واتە پیاوان و ژنان دەکرێت، یەکسەر کێشەکانی ژنان خۆیان قوت دەکەنەوە، بە دوای چارەسەرێکی گونجاو دەگەڕێن، بەڵام هەمووشمان دەزانین کە یەکسانی و سەلماندنی مافی وەکهەڤ لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان دا جەختیان لەسەرکراوەتەوە. وێڕای ئەوەش هێشتا ئازادی و یەکسانی بە کردەوە جێگەی خۆی نەگرتووە، لە زۆربەی کاتەکاندا ئازادیەکانی ژنان دیل کراوە، پیاوان نایانەوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان هاوکارو یاریدەدەر بن.

لەوانەیە زێدەڕۆییمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین نەتەوەی کوردیش بۆ یەکسانی لەنێوان ژنان و پیاواندا بلیمەتانی وەک خانی و حاجی قادرو قاسم ئەمینی هەبووەو لەپێشەوەی ناودارانی جیهانیش بوونە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆمان نەبووە، بیرۆکە و هزرەکانیان بە فەرامۆشی سپێردراون و هەتیو ماونەتەوە. ئەوانە بە شێواز و بەشێوەی خۆیانەوە، بەژیری و لۆژیکی سەردەمی خۆیانەوە لایەنگرییان لە ماف و ئازادیەکانی ژنان کردووە، لەدژی کوشتن و توندی تیژی راوەستاون، ویستوویانە رێونێنێ مرۆڤەکان بکەن و رێگەچارەیەکی زانیستیانەو سەردەمانە بۆ کێشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدۆزنەوە.

ئێستا باسکردن لە کێشەکانی ژنان، بەتایبەتیش خۆسووتاندن، کوشتن، سووکایەتیکردن و بەردبارانکردنی ژنان رووبەڕرێکی بەرفراوانی بڵاوکراوەکانیان داگیر کردووە، بەڵام لە واری کرداریدا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی بەرچاو هەڵنەگیراوەتەوە. حکومەت و حزب و رێکخراوەکانی ژنان و یەکسانیخوازەکانیش شوێن پەنجەیان بە کاڵی لەسەر کێشەکانەوە ماونەتەوە.

هەندێ جار دەگوترێ بە راپەڕینی ژنان و تێکۆشانی بەرچاوی خۆیان، کێشەکانیان لەسەر شانۆی کۆمەڵگە زەقتر دەبنەوەو سیاسەتکارو فەرمانڕەوایانیش ناچار دەبن هەڵوێستەی لەسەر بکەن و بڕیارێکی گونجاو وەربگرن، بەڵام ئایا پیاوە فەرمانڕەوایەکان ئامادەن لە دەستپێکدا مافە زەوتکراوەکانی ژنانی خۆیان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە؟! فەرمانڕەوایێک ئامادە نەبێ ئازادی بە ژن و کچ و خوشکی خۆی بدات، چۆن ئامادە دەبێ ئازادی و یەکسانی بۆ دیتران دەستەبەر بکات، بۆیە خۆ هەڵخەڵەتاندن و خۆ فریودان و چاوەڕوانکردنی بەزەیی پیاوانی فەرمانڕەوا جگە لە سوکایەتی شتێکی دیکەی لێ وەبەرهەم نایەت.

ئەو پیاوانەی کە ئێستا فەرمانڕەوایی دەکەن نەک ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان دەستەبەر ناکەن، بەڵکو ئازادی و یەکسانی پیاوانیشیان زەوت کردووە. دیسانەوە ئەگەر پیاوانی فەرمانڕەوا ئازادی و بەرابەری بۆ هاوشێوەکانی خۆیان مسۆگەر نەکەن چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ کە ئازادی و بەرابەری بۆ ژنان وەدەست بێنن.

نووسەر ئەحمەدی ئەسکەندەری لە نووسینێکدا نووسیویەتی : خانمێکی بیریاری سوێدی لەساڵەکانی حەفتادا ئاوا باسلە پیاوسالاری دەکات: «پیاوسالاری نەزمو تەرتیبێکی کۆمەڵایەتییە بە چەنددەها کەرەستە وبەهای جۆراوجۆرەوە کە پیاوان خاوەنداریی دەکەن بەڵام لەلایەن منداڵانو ژنانەوە خولقێندراوە!» کەواتە دەکرێ بڵێین کە ژنان شوێن پەنجەی ئەرێنیان بەسەر دیموکراسی و ئازادیەکانی دیکەوە دیارە، بەڵام لە خودی خۆیانەوە حەرام کراوە.دیسانەوە نووسەر ئەحمەدی ئەسکەندەری دەڵێ" دیموکراسیو گەشەی کۆمەڵایەتی تەنیا لە کۆمەڵگەیەکدا سەقامگیردەبێت کە تێیدا یەکسانی لەنێوان ژنانو پیاواندا دابینکرابێ". کەواتە بانگەشەکانی پیاوانی فەرمانڕەوا بۆ دیموکراتیزەکردنی کوردستان سەرچاوەی لە چەواشەکارییەوە گرتووە. ئاخر ئەگەر فەرمانڕەوایان دەیانەوێ دیموکراسی پیرۆ بکەن، دەبێ بەر لەوە یەکسانی و بەرابەریی لە نێوان ژنان و پیاواندا مسۆگەر بکەن.بەو پێیە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دەبێ پیاوانی سەردەم، پیاوانی ئازادیخواز و سەربەخۆخواز خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژنان بە ئەرکی لە پێشینەی خۆیان بزانن و لێبڕاوانە بۆی تێبکۆشن. دەنا لەو کێشەو گرفتانەدا پیاوانی فەرمانڕەوای ملهوڕ سەرکەوتوو دەبن و گرەوەکە دەبەنەوە.

لەو بەستێنەدا زۆرێک لە ژنان چاویان لە یاساکانی خودایی و شەریعەتە پیرۆزەکان بڕیوە، پێیانوایە کە بەو هۆیەوە یەکسانی و بەرابەری دەستەبەر دەبێ، هەندێکی دیکە چاویان لەو پیاوە فەرمانڕەوایانە بڕیوە کە قسەی بریقەدار دەکەن و درۆزنانە بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکەن. هەندێک لە پیاوانیش خەباتکردن بۆ نەهێشتنی ستەم لەسەر ژنان بەئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن و پێیانوایە کە ژنان دەبێ شێلگیرانە تێبکۆشن و یەک لایەنە کار بکەن، بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نەک هەر رێگە لەگەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرن، بەڵکو زیان بەخۆیانو هاوسەرو بنەماڵە و خودی کێشەکەش دەگەیەنێ.

سەیر بکەن کاتێک باوکان و دایکان رێگەی فێربوون و وەدەستهێنانی زانست و زانیاری لە کچەکانیان دەبەستن، کاتێک ژنان و کچان بۆیان نابێ بیر لە ئازادی و مافەکانیان بکەنەوە، دەبێ بزانین کە داهاتووی کۆمەڵگە لە تاریکیدا نغرۆ دەبێ، پیاوانی فەرمانڕەوای بیر تاریک دەیبەنەوەو دەنگی خەڵکی ساویلکەو ئاسایی مسۆگەر دەکەن و لەسەر کورسی دەسەڵات دەمێننەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی ئێستاش رێژەی ژنانی نەخوێندەوار لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نزمە، کاتێک ئاستی نیوەی کۆمەڵ لە ژێرە بێ، دیسانەوە پیاوانی فەرمانڕەوای بیر تاریک و پاشڤەڕۆ گرەوەکە دەبەنەوەو لەسەر حوکم دەمێننەوە. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە تا ئێستا پیاوانی فەرمانڕەوا لێزانانە گەمەیان بە کێشەکانی ژنانەوە کردووەو تێیداسەرکەوتوو بوونە.